# بەرەو بنەبڕکردنی ئەشکەنجە لە عێراق

"هەمان ڕۆتین بوو، هەموو ڕۆژێک هەڵیاندەواسیم و لێیان دەدام،" ئەحمەد گوتی*، گیراوێک لە بەندیخانەیەکی عێراق." شتی وایان بەرامبەر کردووم کە شەرم دەکەم باسیان بکەم."

ئەحمەد بۆ دوایین ڕاپۆرت چاوپیکەوتننی لەگەڵ کرا دەربارەی بنەبرکردنی ئەشکەنجە لە شوێنەکانی دەستبەسەرکردن لە عێراق. دەرەنجامەکانی ڕاپۆرتەکە، کە لەلایەن نێردەی نەتەوەیەکگرتووەکانی عێراق (یونامی)، مافەکانی مرۆڤی یونامی، لەسەر بنەمای چاوپێککەوتتنەکان لەگەڵ ٢٣٥ عێراقی دەستگیرکراو ئەنجامدراوە.

هەرچەندە عێراق ئەندامە لە کۆمەڵێک پەیماننامەی نێونەتەوەیی کە ڕێگە بە ئەشکەنجە و مامەڵەی نەشیاو نادەن، زیاتر لە نیوەی گیراوان چاوپێککەوتنیان لەگەڵ کراوە بۆ ڕاپۆرتەکە و چیرۆکی باوەرپێکراو و دروستیان دەربارەی ئەشکەنجە خستۆتەروو. ڕاستی بوونی ئەشکەنجە لەلایەن جۆرەها چاوپێکەوتنی نهێنیەوە لەگەڵ دادوەر و پارێزەر و دکتۆرە عێراقیەکانەوە سەلمێنراوە.

یەکێک لە پارێزەرەکان گوتی: "ئەشکەنجەدەرەکان لە دەرهاوێشتەی ئەشکەنجەدان ناترسن چونکە دەزانن سزا نادرێن لەلایەن سیستەمی فەرمییەوە."

بەگوێرەی شیکاریەکانی هۆکارەکانی ئەشکەنجە، ڕاپۆرتەکە تیشکدەخاتە سەر زۆر دەرەنجامی کێشەدار دەربارەی لێکۆلینەوە و دۆخی نێو زیندانەکان. لێکۆلینەوەی هێزە ئەمنییەکان ئامانج لێی دانپێدانانە و زۆرجار زەبروزەنگ بەکارهێنان، بۆ نمونە، دەستگەیشتن بە پارێزەر دوا دەکەوێت هەتاوەکو گیراو لێکۆلینەوەی لەگەڵ دەکرێت.

پشکنینە پزیشکییەکان نیگەرانیەکی دیکەیە کە گیراوان دوای گەیشتنیان بە بەندیخانە پێش مامەڵەی نەشیاو بەگوێرەی ستاندەردەکان بۆیان ئەنجام نادرێت.

**ئەودیوی تۆمەتەکان، بەرەو بنەبڕکردن و بەرپرسیاریەتی**

لەکاتەی دوایین ڕاپۆرت چیرۆکی تۆقێنەری ئەشکەنجە لە زیندانەکانی عێراق دەگرێتەخۆ، دانیێل بێل، بەرپرسی ئۆفیسی مافەکانی مرۆڤی یونامی، دەڵێت کە ئامانجی مافەکانی مرۆڤی یونامی بریتیە لە "چونە ئەودیوی" باسکردن و مەودای ئەم جۆرە مامەڵانە و لەبری ئەوە تیشک بخرێتەسەر پاڵپشتیکردنی هەوڵەکانی حکومەت بۆ بەهێزکردنی گونجان لەگەل چوارچێوەی یاسایی نیشتمانی و نێونەتەوەیی.

"ئامانجی سەرەکی بریتیە لە کەمکردنەوەی شێوازەکانی ئەشکەنجە و مامڵەی نەشیاو هەر کاتێک ڕووبدەن"، خاتوو بێڵ گوتی و باسی لەوەش کرد کە چاودێری سەربەخۆی شوێنەکانی دەستگیرکردن گرنگە لەم پرۆسەیەدا."

هەروەها رایگەیاند: "ئەشکەنجە، زۆربەی هەرەزۆری جارەکان، بەنهێنی روودەدەن، شەفافیەت و کرانەوەی زیاتر دەربارەی ئەوەی لە بەندیخانەکان روودەدەن، بە گەیشتن بە لایەنی چاودێریکردنی سەربەخۆشەوە، هەنگاوی گرنگن بەرەو بنەبڕکردن".

"ئەمانە تەنها ئەگەری روودانی ئەشکەنجە بنەبڕناکەن بەلام لایەنی دەسەڵاتدارانیش دەپارێزێت لە تۆمەنی نار استیش."

لەنێو ژمارەیەک پێشنیاز، راپۆرتەکە هانی عێراق دەدات بۆ بەرجەستەکردنی یاسا و سیاسەتی دژە تیرۆر، بۆ پتەوکردنی ڕاهێنانی بەرپرسان کە بەشدارن لە لێکۆڵینەوە لە گیراوان، و بەپەلە چاو بە ڕێسا و کردەکانی لێکۆلینەوە بخشێنەوە.

**دیالۆگی بەردەوام لەگەل دەسەلاتەکانی عێراقی و کوردی**

لەوەتەی راپۆرتەکە دەرچووە، ستافی یونامی لە دیالۆگی بنیاتنەرن لەگەل دەسەلاتدارانی عێراقی و کوردیی و لایەنەکانی تر، وەکو سەندیکای پارێزەرانی عێراقی و ڕێکخراوەکانی کۆمەلگەی مەدەنی، بۆ هاندانی گرتنەبەری هەنگاوی جددی بۆ بەهێزکردنی گونجان لەگەڵ پێوەرەکانی بنەبڕکردنی ئەشکەنجە.

لەوکاتەی ئەنجامی پۆزەتیڤ هەن وەکو پابەندبوون لەلایەن دەسەڵاتدارانەوە بۆ لێکۆڵینەوەی تەواو لە تۆمەتەکانی ئەشکەنجە، بەربەستی دیکە هەن بۆ زاڵبوون بەسەریاندا. تەنها لە مانگی رابردوو، سەردانییێکی ڕێکخراو لەلایەن مافەکانی مرۆڤی یوئێن بۆ بەندیخانەی ناوەندی ناسرییە، بەندیخانەیەک کە بەناوبانگە بۆ دۆخە خراپەکانی، رەدکرایەوە لە دوا خولەک و تائێستاشی لەگەلدا بێت، هیچ هەواڵیکیش نییە کە کەی و ئەگەر ڕێگەپێدان فەراهەم بکرێت.

نارەزایەتییە جەماوەریەکان دەربارەی ڕاپۆرتی ئەشکەنجە، لە بابل و بەغداد و بەسرە و کەرکوک، داوای بەپەلەی باسکردنی ئەم بابەتە دەکەن،" خاتو بێڵ ڕایگەیاند.

"ئۆفیسی مافەکانی مرۆڤی یونامی بەردەوامە لە کارکردن لەگەل حکومەتی عێراقی لە هەوڵەکانی بۆ بنەبڕکردنی ئەشکەنجە و دڵنیابوونەوە لە بەرپرسیاریەتی."

* ناوەکەی گۆڕاوە بەمەبەستی پاراستنی

٦ی تشرینی یەکەمی ٢٠٢١